مەسرور بارزانی: وەك حكومەتی هەرێم هیچ كاتێك ئاستەنگیمان دروست نەكردوە و هەمو پابەندییەكانمان جێبەجێكردون



مەسرور بارزانی سەرۆكی حكومەتی هەرێمی كوردستان ئەمڕۆ شەممە لەمیانەی وتارێكدا لە ڕێوڕەسمی كردنەوەی جوتسایدی شێخان-لالش ڕایگەیاند "گفتوگۆكانمان لەگەڵ حكومەتی فیدڕاڵی لەبارەی بودجە و موچەی فەرمانبەرانی هەرێمی كوردستان بەردوامن و دەشڵێت، "وەك حكومەتی هەرێم هیچ كاتێك ئاستەنگیمان دروست نەكردوە و هەمو پابەندییەكانمان جێبەجێكردون".

لە وتارەكەیدا مەسرور بارزانی رایگەیاند، گفتوگۆكانمان لەگەڵ حكومەتی فیدڕاڵی سەبارەت بە بودجە و موچەی فەرمانبەرانی هەرێمی كوردستان بەردوامن، ئێمە وەكو حكومەت هیچ ئاستەنگیەكمان دروستنەكردوە و سەرجەم ئەو پابەندیانەشی دەكەونە ئەستۆی ئێمە جێبەجێمان كردون".

وتیشی، "وەك ئەوەی لە دواین گفتوگۆكان ئاگادار كراومەتەوە، ڕێككەوتنێك لە نێوان كۆمپانیاكانی بەرهەمهێنانی نەوت لە هەرێمی كوردستان و حكومەتی فیدڕاڵیدا كراوە، ئەمە دەبێتە دەرفەتێكی زۆر باش بۆ نەهێشتنی ئاستەنگەكان".

ئەوەشیخستەڕو، "هیوادارین لە ڕۆژانی داهاتودا ئەم ڕێككەوتنە ببێتە واقیع و حكومەتی

فیدراڵیش پابەندییەکانی خۆی بۆ خەرجکردنی شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستان جێبەجێبکات و چیدیکە پرسی موچە نەبێتە سەردێڕی هەواڵی ڕۆژنامەکان".

هەر لە وتارێکیدا مەسرور بارزانی باسی لەوەشکرد، "زۆر هەوڵ دەدرێت خوشك و برا ئێزدییەکانمان لە شنگال دوربخرێنەوە، زۆر هەوڵماندا ڕێککەوتنی شەنگال لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی جێبەجێبکرێت، بەڵام تا ئێستا جێبەجێنەکراوە، چونکە هەندێك هێزی نایاسایی لە شارەکە هەن".

دەشڵێت، "داواکارین لە حکومەتی عێراق هەنگاوی پێویست بنێت، ئاسانکاری بکات تا خوشك و برا ئێزدییەکانمان بە سەربەرزی بگەڕێنەوە شەنگال و شوێنەکانی دیکەی خۆیان".